www.kurdistannet.org
3-3-2007 13:56 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## جیاوازی لە نێوان عیلمانیەت و عەلمانیەت ... سەعدوڵڵا برایم خان

قسەكردن لە چەمكی عەلمانیەت نەفەسێكی درێژ و ڕوچۆنێكی زۆری پێویستە من لەم باسە كورتەمدا ئاماژەیەكی خێرا بە تێگەیشتنی ئووسولیەكان دەكەم لە عەلمانیەت كە چەند لە نەفەسێكی تەسك و عەقلیەتێكی دوگماییەوە مواكبەی چەمكی عەلمانیەت دەكەن ئەم تێگەیشتنەی ئەوان لێرەدا دەكرێت دابەش بكەین بۆ دوو تیپی جیاواز یەكیان لە ڕووی زانستی و فەلسەفیەكەوە وەك خۆی ئاشنان بە چەمكی عەلمانیەت وە تیپەكەیتریشیان لە ئەنجامی دوگماییی بوونیان و لە ژێر هەژمونی هستریای پەڕگیریان ناتوانن پەی بە ناوەرۆك و چەمكی عەلمانیەت بەرن، واتە ئەوەی یەكەمیان عەرەبە شۆڤینیەكانن كە نایانەوێت لە هەیمەنەی ئائینی ئیسلام كەم بكرێتەوە چونكە ئەوان واتە شۆڤینیەكان ئایین و عەرەبە لە یەكتری جیا ناكەنەوە ئەوان پێیان وایە ئایین. شارستانیەتی عەرەبی بە هەموو دیوەكانەوە و جوان كردەوە، چونكە لانی كەم ئایینی ئیسلام بۆتە كاراكتەرێكی گرنگی جوان كردنەوە و هەڵسانەوەی ژیاری بیابان كە پێش ئیسلام بە ئەعراب ناویان دەركردبوو بەشەكەی دووەمیشیان كە لە ژێر پلەیەكی بەرزی سۆزدا مامەڵە لەگەڵ ئاییندا دەكات واتە ئەوانە خەڵكانێكی عیرفانی و فەناتیزمی ڕێژەیەكی زۆری دینداری بوونەتەوە تاوەكو ئەو پلەیە بەرز بۆتەوە بۆ دوا پلەی ناعەقلانی كە لە ناو زهنیەتی ئەواندا كۆی جیهان مەحكومە بە مانیفێستی قورئان ئەم گروپە ئایین لە پانتایی عەقیدە ناگوازێتەوە بۆ پانتایی تێڕامان و پانتایی عەقلی وەك ئەوەی كە موعتەزیلەكان هەوڵیان بۆدا دەق مەحكوم بكەن بە عەقڵ كە (ئەبو عەلی جوبائی) ناودارترین پێرەوانی موعتەزیلەكان بوو پێیوا بوو دەبێت هەموو دەقێك بە فلتەری عەقڵەوە دەرباز بێت بۆ پڕاكتیزە كردن لە سەر زەوی، بەڵام ئەو ڕێبازە لە سەر دەستی چەندین موفەسەرینی پەڕگیر لە مێژوودا پەكی خرا شێخ (ئەبو حەسەن الاشعری) یەكێك بوو لەو پەڕگیرانەی كە ئەهلی سنەوا جەماعەن ئەو پەڕگیریەی ئەوانە درێژ دەبێتەوە بۆ (ابن القیم الجوزیو ابن التمیمه) كە ئووسوڵیەكان بە مەرجەعی خۆیانیان دەزانن بە تایبەتی لە سەر دەستی سەید قوتب زیاتر چڕ دەكرێتەوە وە لە ژێر كاریگەری (ابن القیم الجوزی) كتێبی (معالم فیالطریق) دادەنێت ئێمە نامانەوێت بچینە قوولایی ئەم ڕێڕەوە پەڕگیرە جیاوازانە چونكە بابەتەكەی ئێمە زیاتر تێگەیشتنە لە چەمكی عەلمانیەت.

ئەم دوو تیپە جیاوازە وەك ووتمان یەكیان لە ژێر كاریگەری سۆزداری ئایینی و ئەویترشیان لە بەر كاراكتەری گرنگی لە دەست نەدانی ئایینی ئیسلامی كە دەمامكی عروبە و شۆڤینییەتە دژایەتیێكی سەرسەختی عەلمانیەت دەكەن و كۆمەڵێك پاساویان لە بەر دەستدایە بەرامبەر بە ڕەهەندەكانی عەلمانیەت كە لێرە باسی لێوە دەكەین.

دیارە ووشەی عەلمانی بە شێوازێكی هەڵە هاتۆتە ڕۆژهەڵات بە هەر دوو دیوە زمانەوانەیەكەی و مەتن و تێگەیشتن كە بە ووشەی عیلمانی بە كارهاتووە چونكە جیاوازی هەیە لە نێوان عیلمانیەت و عەلمانیەت جیاوازیەكانیش جیاوازی تیۆری و مەنهەجین كە دونیایەك ئیشكالات هەڵدەگرێت ئەو جیاوازیە زۆرترین مەجالی یاریكردنی تێدایە كە ئووسوڵیەكان توانیویانە بە سەریدا زاڵ بن و لە ڕێگای ئەو گەمانەوە تاكی جیهانی ئیسلامی بە ئاراستە نیگەتیڤیەكەوە لە چەمكی عەلمانیەت بگەیەنن واتە لە ڕێگای تەفسیرێكی ئیفلیج و دووفاقییێكی مەعریفیەوە ئەم هەڵە بە كارهێنانەی عەلمانیەتیان قۆستۆتەوە بە گووتارێكی سادەگۆوەوە.

عیلمانیەت لە چەمكی عیلمەوە سەرچاوەی گرتووە واتە پۆزەتیڤی ئەورووپی ئەو چەمكە لە ڕۆژئاوا لە دژی دەستەڵاتی (كەنهووت) بە كار هاتووە كە لە نێوانی دەستەڵاتی كەنیسە و دەستەڵاتی پادشادا هەبووە لە ڕۆژئاوا ئەم دەزگایە لە لایەن قەشەكانەوە وەك دەزگایەكی مەرجەعی تەشریعات و بەڕێوەبردنی كاروباری هاووڵاتیانی ڕۆژئاوا بوو لە سەدەكانی (15-16) دەزگایەكی تیولۆژیی و

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەشریعی و ئیداری بووە کە هەر دوو کێشەکانیان لە رێگای تیۆلۆژییەوە یەکلا دەکردەوە دوژمنی سەرسەختی زانست و بەرەو پێش چوون بوو، دەزگایەك بووە عەقڵی مەحکوم دەکرد بە دەقە ئایینەکان مۆنۆپۆلی تەواوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی کردبوو دینامیکیەت و و جووڵەی مێژوو و گۆڕان و پەرەسەندن و مژدەبەخشین و دەست نیشانکردنی چاکە و خراپە و پاك بوونەوە لە دونیای هەزیل و گەران بە دوای فەزیلەت خەسڵەتی سەرەکی سەرچاوەی کامەرانی و کۆتایی بڵند بوون و باڵاتر بوون و گرنگترین پەیامی دەسەڵاتی کەنهووت بوون لە رۆژئاوادا کە مرۆڤی رۆژئاوای فەنای ئەم دۆزە سیحراویە کردبوو. خەسڵەت و کارەکتەرە گرنگەکانی ئەم دەزگایە تەواو دژ و ناکۆك بوو لەگەڵ بنەمای ئیپستمۆلۆژیا و راڤەکاری و تەفکیك و گەران بە دوای نادیار بە تایبەتی ئەو یاسا سروشتییە جەبریەی کە لە ناو مانیفێستی ئایینی مەسیحیەوە دەست نیشان کرابوو دەبوایە دوا یاسا و تێگەیشتن و دونیا بینی بێت.
ئەوسا هەر روئیاییکیتر و خوێندنەوەیەکیتر و جیهانبینییکیتر بە ئیرتیداد و لادان لە یاسا جەبریە کۆمەڵایەتی و سروشتی هەژمار دەکرا بۆیە دادگایەك هەبوو بە ناوی دادگای تەفتیشی عەقڵ واتە پشکنینی عەقڵ ئەوانەی بوونە کۆچی قوربانی پەرگیری و دۆگمایی ئەم دەزگا سیحراویە گالیلۆ و کوپەرنیکۆس و. . . هتد بوون کەواتە چەمکی عیلمانیەت واتە گەشەپێدان و پەرەپێدانی زانست جێگای خورافە و لایەنی روحی بگرێتەوە.
کێشەکە لەوەوە دەست پێدەکات بۆ ناو جیهانی ئیسلامی کە موفەسرینی جیهانی ئیسلامی کۆمەڵێك پاساوی ئیفلیج دەهێنێتەوەکە گوایە لە ناو ئایینی ئیسلامدا دەسەڵات نیە لە شێوازی دەسەڵاتی کەنهووت کە لە نێوانی کلێسا و دەسەڵاتی پادشادا هەبووە.
بەڵکو ئیسلام دین و سیاسەتە لە یەك کاتدا کەواتە هەبوونی دەزگاییکی لەم جۆرە نەپێویستە بۆ ئیسلام وە نە هیچ کێشەیەکی ئایینی ئیسلامیش چارەسەر دەکات چونکە فۆرم و خسوسیاتی کێشە کۆمەڵایەتی و کلتوری و سترەکتۆرمی کۆمەڵگای جیهانی ئیسلامی جیاوازە لە فۆرم و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی رۆژئاوا، کێشەکە لەوەدایە ئەو مودێلە عەلمانیەی لە رۆژهەڵاتیش پراکتیزە کراوە لە سەر بنەماییکی پرۆسیسی دیموکراسیانەوە نەبووە روکنەکانی عەلمانیەتی بە خۆوە نەگرتووە بۆ نموونە لە جەزائیر عەلمانیەت لە ژێر چەندین سیاسەتمەداری باکگراوند بە کۆمەڵێك واژەی عوروبە و کۆلۆنیالیزم و رزگاری نیشتمانی و. . . هتد واتە نەیانتوانی بنەماکانی دیموکراسی و پرۆسەی تێپەڕینەرەوە و ئالوگۆڕیی عەقڵی پیادە بکەن. هەروەها ئەو عەلمانیەتەی کەماڵ ئەتاتورك پیادەی کرد. بنەماکانی مۆدێرنەو پرۆسێسی جەوهەری دیموکراسیانەی بە خۆوە نەگرت، ئەگەر هەر یەك لەو دەوڵەتانەی نموونە یەکیان لی بهێنینەوەت دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی ئازادی ئایین و ئازادی ئەتنیوە بهێنینەوە لە جەزائیر پلۆرالیزمی ئایینی بەرجەستە نەکرا وەهەروەها لە تورکیا پلۆرالیزمی ئەتنی بەرجەستە نەکرا پلۆرالیزمی ئایینیش لە تورکیا کەمترین گرنگی پێ نەدرا بۆ نموونە تاکو ئێستاش لە تورکیا کورد بە تورکی شاخاوی دەناسرێت هەرچەندە ئێستا لە تورکیا پارتە ئیسلامیەکان دەسەڵاتیان لە دەستە بەڵام بنەماکانی دەوڵەت لە چوارچێوە دراوە بە کۆمەڵێك بنەمای دوگمای سیاقیکی مێژوویی، لە میسر بە هەمان شێوە عەلمانیەت نەیتوانی تەواو بە لایەنە پۆزەتیڤەکەی ڕوو بچێتە ناو ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان دەرەنجامی ئەم ڕوو نەچوونەش بۆ چەمکی عەلمانیەت ئەو دواکەوتنەی وولاتانی جیهانی ئیسلامی لی کەوتەوە، ئەگەر سەیر بکەین سینەما و فلیمەکانی وولاتی میسر لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان جیاوازی زۆرە لەوەی ئێستای، کەواتە بە کارهێنانی ووشەی عیلمانیەت لەبری ووشەی عەلمانیەت ئەو ئەنجامگیریەمان دەداتی کە جیهانی ئیسلامی عەرەبی سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵبژاردنی و گواستنەوەی پرۆسەی عەلمانیەت بۆ جیهانی ئیسلامی و عەرەبی، هەوەها گواستنەوەیبە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێوازێکی کۆپی ئەوەشیان دەرەنجامێکی خراپی لی کەوتەوە چونکە پرۆسەی عەلمانیەت و پرۆسێسی دیموکراسی و هەر پرۆسەیەکیتر دەبێت لە ناو هەناوی کۆمەڵگاوە هەڵقوولابێت بە پێی موعتەیاتی ناوچەکە پرۆسێس بکرێت.

پێکهاتەی عەلمانیەت وەك خۆی بە شێوە راستیەکەی بەم شێوەی خوارەوەیە. عەلمانیەت بە واتای لادینیە دێت واتە سیستمێکی وا بونیاد دەنێت تەواوی خسوسیات و پلۆرالیزمە ئایینی و ئەتنی و خواستە جیاوازەکان لە بەرچاو دەگرێت بەبێ ڕەچاو کردنی ڕەگەز، ئەتنی، ئایینی، مەزهەبی. . . هتد.

بۆ نمونە ئیستا ئەگەر ئەو ئازادیە ئایینەی کە لە رۆژئاوا بەرجەستە دەکرێت لە هیچ کام لە وولاتەی ئیسلامیەکان ئەو ئازادیە ئامادەیی نیە، تاکو ئێستا سوننەی کەمینە بە ئازادی خۆی تقووسی دینی و ڕێوڕەسمی سرووتی ئایینی لە ئێران پراکتیزە ناکات لە ژێر زۆرینەی شیعە و هەژموونی پەڕگیری شیعەگەراکان لە ئێران، هەروەها تاکو ئێستا لە سعودیە شیعەی کەمینە لە بەر زۆرینەی سوننە ناتوانێت تقوسی دینی و ڕێوڕەسمە ئایینیەکەی خۆی و واجباتەکانی جێبەجێ بکات.

کە دەڵێن لادینی بەو مانایەنیە پڕۆسێسێکی داماڵراو لە دین نا بە پێچەوانەوە مەبەستمانە بڵێین بێ هەژمونی دینی بی پەڕگیری ئایینی چونکە گرفتی ئایین لە دەوایە ئایین ئەگەر ڕاگیر نەکرێت پرۆژەیەکی هێرش کەرە لەو پانتاییە ئایینییەوە هێرش دەکات کە پانتاییی دەقیە. بەڵام لە ناو پرۆسەی عەلمانیەتدا ڕاگیر دەکرێت وەك چۆن عیلمانیەتیش بە هەمان شێوە هەژموونی ڕاگیر دەکرێت لە سەر لایەنی روحی واتە رێك پێچەوانەی فێندە مێنتالیستەکان کە لە عەلمانیەت گەیشتوون کە پێیان وایە عەلمانیەت پرۆسەیەکی رۆژئاواییە لە دژی کەلتور و بەها ئەخلاقی و شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی و مانیفێستی قورئان هاتۆتە ئاراوە بەڵکو نەك هەر دژی ئەم کەلتورە جیاوازانە نییە تاکە پارێزەرە و کاراکتەری مانەوەی ئەو کەلتور و ئایینیانەیە.

ئەم تێگەیشتنەی فیندەمیتالیزم ئەشی بۆ ووشەی عیلمانی بگونجی چونکە عیلمانی کەسێکە مەعریفەی زانستی لە زانستە سروشتیەکانەوە وەردەگریت لەم بوارەدا کار دەکات کە واتە کەسی عیلمانی پشت بە تێروانینی پۆزەتیڤیزم دەبەستی دان بە شیمانەی مەعریفی مۆڕالی و واتەئاکاری و ئایینی و میتافیزقیا نانێت چونکە ئەمانە لە رووی پرەنسیپی عیلمانیەوە مومکین نییە بچنە ژێر فۆرم و پێدراوەکانی زانستەوە روونتری دەکەمەوە چەمکی عیلمانیەت لە پانتایی روحییەوە ئیلهام وەرناگرێت وە هیچ گرنگی بە نەست نادات بە شێوەیەکی رەها عەقلانییە وەك ئەوەی ئەفلاتون شاعیرەکان لە کۆمارەکەی خۆی وەدەر دەنێت ئاواش چەمکی عیلمانیەت نەست تەلاق دەدات ئەو زانستانەی عەقلانیەت و عیلمانیەت پسولەی تەکامولی و ئەرگۆمێنتی و لۆژیکی پێ دەبەخشن هەر یەك لە زانستەکانی کیمیا فیزیا ماتماتیکن کە ئەمانە لە سەر زەمینی لە رێگای فلتەری عەقلەوە یەکلا دەکرێنەوە بەڵام ئەفسانەکان داستانەکان شاعیرە رۆمانسیەکان ئەمانە گشتیان دەچنە فەزای میتافیزیەکەوە لە ناو چەمکی عیلمانیەتدا جێگەی نابێتەوە. مادامەکی ئەم پرۆسە نەستیانە لە ناو چوار چێوەی عیلمانیەتدا جێگایان نابێتەوە کە واتە ئایینیش کە دەرهاوێشتەی کۆنستی مرۆڤە لە رێگای کۆخیالی مرۆڤەوە ئەفراندرێت واتە گومان لە وەدا نییە کە چەمکی عیلمانیەت بە سەختی دژایەتی دەکات لە زۆر رووەوە عیلمانیەت دژی خودی عەلمانیەتیشە بۆیە ئاساییە مرۆڤێك عەلمانی بێت و لە هەمان کاتدا عیلمانیش نەبێت. خاڵێکی تری جیاوازی ئەم چەمکەی عیلمانیەت لەگەڵ پرۆسەی عەلمانیەت بەم شێوازە وێنە دەکرێت عیلمانیەت لە چەمك و نیاز و مەبەستە زانراوەکانەوە دەناسرێتەوە بەڵام عەلمانیەت لەبەر ئەوەی کار لەسەر ئەبستمۆلۆژییەوە کار دەکات هێماکان و شێمانە و دەلالەتی پرۆسەی ئاڵوگۆرین دەچنە بواری هێرمۆنتیکاوە. واتە عیلمانیەت لە ناو فەلسەفەدا جێگایەکی موزایەقە داگیر دەکات خۆی کەنار گیر دەکات لە ناو بنەماکانی ( (ئەپستم) ) واتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بونیەالمعریفە بەڵام عەلمانیەت لە مەجالی فەلسەفەدا لە ناو ئەپسمۆلۆژیدایە واتە گەران بەدوای دیاردە مەعریفیەکان عەلمانیەت ئەو پنتانە دیاری دەکات کە ئایین، نەتەوە، هەر شوناسێکیتر کە لە سەریان راوەستاوە بۆ نمونە لە ناو سیستمی عەلمانی لە بری ئەوەی لە چوارچێوەیەکی فیکریدا لە دژی میتافیزیکیا و عیلمدا بونیادێکی فیکری کە پنتەکانی لە سەر کۆڵەکەی ئایدۆلۆژی بەرهەم دێنێت بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیەوێت لە رێگای (فیلۆلۆژیستیەوە) واتە لمدارس الفقیەوە ئەم بونیاد و ریالیست و ماتەرانە زیاتر دەخاتە بەر تیشك و لە ناو خودی ئایینەکانیش دەرفەتی زیاتر و تێگەیشتن دەسازێنی ئایین لە رەهەندە کۆمەڵناسیەکەیەوە واتە لە رەهەندی گروپ بەندی و هێرش بەرییەوە دەیگوازێتەوە بۆ ناو رەهەندی فەردانی و ئایین دەکاتە رایەلی نێوان مرۆڤ و خودا روونتر بڵێین وەزیفەی ئایین دەگۆرێت لە وەزیفەیەکی هەژموونی و پەرگیرییەوە بۆ وەزیفەیەکی سپی و سیما و دەلالەتی ئایین لە گشتگیرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاك گەرایی واتە دەیگوازێتەوە بۆ یەکەم رەهەندی دینی کە زانستی پەروەردەیە ئەوە لە ناو ئایینی ئیسلامدا ئایەتە مەکیەکان گوزارشت لەم راستیە دەکەن بۆ نمونە لە ئایەتە مەکیەکاندا ئەو پەری تەساموح و کرانەوە و حەقیقەتی رێژەیی ئامادەیە بۆ نمونە لە شوێنێکدا دەڵی (لکم دینکم ولیالدین) ئەم دەقە گوزارشت لە پلۆرالیزمی ئایینی دەکات واتە ئازادی ئایینی بەڵام لە ئایەتە مەدینیەکاندا لە شوێنێکدا دەڵێت (قاتلوا فی سبیل اللە) ئێمە نامانەوێت هێندە لە رەهەندە قووڵەکانی ئاییندا بچینە خوارەوە چونکە بابەتەکەی ئێمە جیاوازە واتە عەلمانیەت لایەنی بیداگۆجیای واتە تەبشیری هەر ئایینێك بە خودی ئاییندار دەبەخشێتەوە نەك لایەنە پەرگیریەکەی تقوس و عیبادەت لە شوێنە پیرۆزەکان راگیر دەکات و خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە بەرامبەر فەراهەم کردنی ئازادی ئایینەکاندا\ بە تایبەتی کەمینەکان ئامانجێکی هەرە گرنگی عەلمانیەت لە وە خۆی وێنا دەکات کە لە هەوڵی بەرتەسك کردنەوە و سنوردار کردنی ئەو بنەمایەی چەمکی دەوڵەتی ئایینی لە سەر راوەدەستێت بە هەمان شێوە سنوری ئەو ئایدیا و ئایدۆلۆژیا و زانستی رووت و هەر فیکرەیەکیتر کە لە ناو شووشەیەکی بچوکی فیکرییەوە بیەوێت هەژمونی خۆی بە سەر کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا بسەپێنێت ڕاگیر و تەسکتری دەکاتەوە هەر ئایدیایەك کە هەر یەك لە ئایینفاش ئایدۆلۆژیستەکان پێوە مەستن دەیانکات بە حەقیقەتی رێژەیی و دەیانخاتە بەر پرۆسەی رەخنەوە رێنمایی هەریەك لەم ئایدیانە دەکات کە مەسفایەك لە نێوان خۆیان و ئەو باوەرە دابنێت، واتە رێنمایی مرۆڤ دەکات بەوەی. کە پێویستە هەر دەقێك لە چوارچێوەی فەردانیەت نەیکات بە گشتگیر و تەنها لە نێو خۆی و ئایدیاکەیدا بمێنێتەوە بەڵام نابێت روو لەم راستیە وەرگێرین کە لەو پرۆسەی عەلمانیەتەدا هێواش هێواش ئایین رەواجی خۆی لەدەست دەدات فرەگەری ئایینی کارەکتەرێکی گرنگی پەرەسەندنی عەقلانیەتە وەك (بێرگەر) ناوی دەنێت بازاری ئایین هەر کەسێك دەتوانێت لە نێوان تەفسیر ودەزگا جیاواز و رەقیبە دینیەکاندا ململانی بکات لە ناو ئەو دەزگا تەفسیر و جیاوازیانەدا یەك تەفسیر بۆ خۆی هەڵبژێرێ ئەو پرۆسەی فرە دیدیەو فرە ئایینیە هێزێکی پتەو بە مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەرەوەی ئایینەوە راڤەی جیهان و دیاردە سروشتیەکان بکات و هەروەها خاڵێکیتری بنەرەتی عەلمانیەت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەول دەدات مرۆڤ لەو تێروانینە ترسناکە دەرباز بکات کە سیفەتی کاتی بکات بە سیفەتی ئەبەدی وەك (کانت) باسی لێوە دەکات دەلێت کارەساتە ئەگەر عەقلی مرۆ و ڤ بەوە رازی بێت سیفەتی کاتی بکات بە سیفەتی هەمیشەیی لەم حاڵەتەدا عەقل تووشی دۆگمایی دەبێت واتە چەق دەبەستێت لە نێو چوار چێوەیەکدا لە پرۆسەیەکی تێپەرێنەرەوە دەبێتە پرۆژەیەکی جێگر و لە شوێنێکدا کەنارگیر دەبێت کە ئەو رێرەوەی عەقل خۆی دەست نیشان دەکات بۆ زەمەنێکی دیاریکراو واتە سیاقێکی زەمەنی خودی عەقل لە ئەنجامی دۆگمایی بوونیەوە دەیکاتە بە بنەمایەکی ئەبەدی چیمەنتۆی دەکات بە بنەماگەلێکی ئەپستنی لە چوار چێوەدراو کە واتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

عەقل لێرەدا لە فرەییەوە دەبێتە تاقانەو لەو پرۆسەی ئالوگۆر دەوەستێت و دەرەنجام شکڵگەلی تۆتالیتاریانە لە خۆوە دەگرێت و لە رێگەی ئەفراندنیەوە دەبێتە بنەمایێکی (تراندیستال) المتعالی بڵند گەرایی واتە دەچێتە سەروی رەخنەوە زۆر جاری وا هەبووە چەندین سەدە تەواوی مێژوو لە ناو درۆیەکی گەورەدا بووە هەر بۆیە (نیتچە) دوژمنی سەرسەختی مێژووە کە دەڵێت مێژوو گەورەترین درۆیە بەڵام عەلمانیەت هەرزوو مرۆڤ لەوە بە ئاگا دەهێنێتەوە کە ئەو سیفەتانە سیفەتی کاتینە و بۆ سیاقێکی زەمەنی بە کار دەهێنرێت (نیتچە) ئاماژە بەوە دەکات کە دەڵێت ئێمە ئەگەر ناوە ناوە بەهاکانمان هەڵبسەنگێنینەوە قەت بەو تێرم و فۆرمانە رازی نابین کە لە سیاقێکی زەمەنیدا خودی خۆمان دەست نیشانمان کردووە واتە پرۆسەی ئاڵوگۆری عەقلی بەرهەمی پۆست مۆدرێنە و عەلمانیەتە کە واتە دەتوانین بڵێین عەلمانیەت خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکە لە سروشتی ئایین و بەها و عەقل و مرۆڤ پەیوەندی بە خوداوە سەرچاوەی گرتووە لە هەمان کاتدا عەلمانیەت هەڵوێستێکە لە مەسەلەی مەعریفە جگە لەو مەسەلەی ئەخلاقیات و ئازادیەکان و مەسەلە ئەپستمۆلۆژیەکان کە سەر ئاڵتیان واتە گرنگترینیان دروست کردنی ئەو فەزایەی کە سەربەخۆیی مەعریفی لە عەقڵی مرۆڤدا بەرهەم دێنێت چونکە ئایین چەند ترسناکە ئەگەر لە رەهەندە هێرش بەرەکەیەوە سەرچاوە بگرێت بۆ سەر مەسەلەی رۆحی و دونیاییەکاندا و هەروەها سەربەخیی مرۆڤ لە هەر دوو ئاستی مۆرالی و سیاسیدا دەیان جار ترسناکترە بۆ سەربەخۆیی ئەپۆستمۆلۆژی عەقلی لە ئەنجامگیری عەلمانیەتدا و بەر مەبنای خوێندنەوەمان بۆی دەتوانین بڵێین عەلمانیەت پرۆسەیەکی فراوانی ئاڵوگۆری عەقلی و تاکە زامنکەری کەلتورە جیاوازەکان. شارستانیە جیاوازەکان. ئایدیا جیاوازەکان. رەگەزە جیاوازەکان. توێژە جیاوازەکان و هەروەها بە پێدراوی سەردەمیانەوە مواکەبەی پێشهات و گۆرانکاریەکان دەکات پرۆسەیەکی فراوانی دابرانی مێژوویە و بەردەوام سیفەتە هەمیشەییەکان دەبەخشێتەوە بە سیاقە زەمەنیەکان عەلمانیەت خۆی بە هیچ بنەمایەکی جێگر و خۆی بە هیچ ئایدیایەك نابەستێتەوە بە کام لە چەمك گەلێك خۆی گرێ نادات بە فۆرم و تیۆر و هیچ بنەمایەك و بونیادێکی مەعریفییەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.